# دەقئاوێزان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا

پ. ی. د علی طاهر حسین
زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی زمان
بەشی وەرگێڕان

**الملخص**

هذا البحث المعنون بـ (التناص فی شیعر شیرکو بیکس) محاوله لدراسة نماذج من نصوص الشاعر شیرکو بیکس حسب مفهوم، ونوع وقانون مبادی التناص.

ظهور هذا المفهوم هو نتیجة ابحاث نقدیه جدیدة جاءت رداً للمفاهیم البنیویة التی کانت تنظر الی النص کأنه مغلق علی نفسه، التناص له علاقة مباشرة بالمتلقی فبدونه لا یمکن له الوجود. تتالف البحث من مقدمة و فصلین اضافه الی النتائج و المصادر مع مختصر باللغة العربیة و الانجلیزیة. یتالف الفصل الاول من الجانب النظری بینما خصصنا الفصل الثانی للتطبیقات علی بعض النصوص الشعریة.

**Abstract**

Intetextuality was a reaction against the concept of structuralism in which structuralism focuses on the closed text and then the researches of the post-structuralism including deconstruction in which they focus on the openness and having a gap within a text, encourage and lead the existence Intertextuality and to be acquainted with this term. Kurdish Criticism was alienated to the concept and the principles of Intertextuality for a long time; instead, they concentrated on stealing and borrowing. Intertextuality has a strong relationship with the reader, the more intellectual background a learner has, the deeper meaning of the text they obtain .

This research is focused more on descriptive analysis method and it consists of two chapters, reference list, findings and an abstract of the research which is translated into two languages; Arabic and English. The first chapter focuses on the theoretical parts such as the terms, definitions, concepts and principles of Intertextuality. In the second chapter, the practical parts and interpretations for Sherko Bekas's texts discussed based on the principles of Intertextuality.

## پێشەکی

دەقئاوێزان پەرچەکردارێك بوو دژ بە چەمکی بونیادگەری بەوەی ئەمان جەختیان لەسەر داخرانی دەق دەکردەوە دواتریش توێژینەوەکانی دوای بونیادگەری لەوانە هەڵوەشاندنەوە گەرایی کە باسیان لە کرانەوەو بۆشایی دەق دەکرد ڕێگەخۆشکەربوون بۆ ئاشنابوون بە چەمکی دەقئاوێزان. رەخنەی کوردی، تا ماوەیەکی زۆر نامۆ بووە بە چەمك و پرەنسیپەکانی دەقئاوێزان، لەجیاتی ئەمە زیاتر جەختیان لەسەر دزی و وەرگرتن دەکردەوە، کولتوری ڕۆشنبیری

ئەمرۆمان خۆی لە تاك مەرزدا قەتیس ناكات، بەڵكو پەل دەهاوێژێت بۆ كولتورە جیهانییەكان، بۆیە دەقی ئەدەبیش رەهەند و رەنگی جیاوازی هەیە، ئەمەش پێویستی بە كنەكردن هەیە، دەقئاوێزان پەیوەندیەكی بەهێزی لەگەڵ خوێنەردا هەیە، هەرچەندە خوێنەر باكگراوندی رۆشنبیری دەوڵەمەندی هەبێت، ئەوەندە زیاتر رۆدەچێتە ناو دەقەوە.

توێژینەوەكەمان پاڵپشتە بە رێبازی وەسفی شیكاریی و لە دوو بەش و سەرچاوەو ئەنجام و پوختەی وەرگێرانەكەی بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێكهاتووە، بەشی یەكەم تایبەتە بە لایەنی تیوری و تێدا ئاماژە بە زاراوە و پێناسە و چەمك و پرەنسیپەكانی دەقئاوێزان كراوە. بەشی دووەمیش تەرخانكراوە بۆ لایەنی پراكتێكی و راڤەكردنی دەقەكانی (شێركۆ بێكەس) بە پێی پرەنسیپەكانی چەمكی دەقئاوێزان.

**بەشی یەكەم**

دەقئاوێزان سیمایەكی دیاری دەقە بەو پێوەرەی دەق رەگ و ریشەكەی تێكەڵە بە دەقی تر و هیچ دەقێكیش لە هیچەوە دەست پێناكات، بەڵكو لە پەیوەندییەكی بێدابرانە لەگەڵ دەقی پێش خۆیدا. (میشێل فۆكۆ ١٩٢٦-١٩٨٤) پێی وایە هیچ دەربڕینێك نییە، كە دەربڕینی تری لەخۆ نەگرتبێت  واتە هیچ گوتارێك نییە كە سیما و سێبەری دەقی تری تێدا نەبینرێت. لەروانگەی رۆلان بارتیشەوە دەقئاوێزان ئامێزی هەموو دەقێك دەگرێت بە هەموو رووە جیاوازییەكانییەوە جا چیرۆك بێت، یاخود شیعر و رۆمان و هەموو ژانرەكانی تری ئەدەب. واتە دەتوانین بڵێین دەق بریتیە لە چەند چینێكی جیۆلۆجی جیاواز كە تێكەڵ بە یەكتر بوون.

دەتوانین بڵێین دەقئاوێزان چەمكێكی تازەیە (جولیا كریستیفا وای راڤە كردووە كە لە پەیوەندییەكی ئاڵوگۆری نێوان دەق و ژمارەیەك دەقی تردایە. خودی (كریستفیا) ئەم چەمكەی لە دیالوكی (الحواریە)ی (باختین)ەوە وەرگرتووە بەو پێوەرەی باختین پەیوەندی نێوان دەقەكانی بە دیالوكیزم (الحواریە) ناو دەبات و پێمان دەڵێت هیچ دەقێك لە دیالۆك بێبەری نییە.

دەق بریتی نییە لە تەنێكی زمانەوانی قوفل دراو بەسەر خۆیدا، بەڵكو كراوەیەو بەزۆری بە بێ ئاگای نووسەر تێكەڵ بە دەقی تر بووە، تا كار دەگاتە ئەوەی (بۆرخیس ١٨٩٩-١٩٨٦) بڵێت لە هیچ دەقێكدا بابەتی تازە نییە، بەڵكو هەموو بابەتەكان پێشتر ئاماژەیان پێكراوە، تەنها ئێمە سەر لەنوێ لەچوار چێوەیەكی تردا دایدەرێژینەوە.

(باختین)یش وەك رەخنەگرانی تر جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە دەق بریتیە لە فرە دەنگی و دیالوگیزم، (جیرار جینیت)یش دەقئاوێزان بە كۆكردنەوەی دەقەكان ئەژمار دەكات، چونكە پێی وایە هەموو دەقێك لە پەیوەندی ئاشكراو نهێنی دایە لەگەڵ دەقەكانی تردایە.

لە كۆتاییدا ئێمەش هاوراین لەگەڵ ئەم بۆچوونە كەچەمكەكە واتە دەقئاوێزان بەم شێوەیە كورتدەكاتەوە:(( لە دایكبوونی تێكست لە مندڵدانی تێكستەكانی دیەوە، بەنێو یەكداچوونی دەقەكان، دەق كورتكراوەی ژمارەیەكی بێشومارە لە دەقەكانی تر، هەموو دەقێك لە پەیوەندییەكی هەمیشەییدایە بە دەقەكانی ترەوە، دەق سنووری نییە، دەق بریتیە لە هەڵمژینی دەقە نادیار و نائامادەكانی تر، هەموو دەقێك مەحكومە بە دەقئاوێزان)) ((د. نەوزاد ئەحمەد/ ٢٠١٥: ١٩١)).

بە چەمكی تازە، دەقئاوێزان واتای جوینەوەی دەقە كۆنەكان ناگەیەنێت، بەڵكو كۆكردنەوەی دەرگای دیالۆكە لەگەڵ دەقەكانی پێش خۆی و سەرلەنوێ تەوزیفكردنێتی بە جیهانبینییەكی جیاوازەوە، لە رەخنە وئەدەبیاتی كوردیدا هەر لە كۆنەوە لەناو دەقدا دەقئاوێزان بوونی زۆری هەبووە ، بەڵام نەچۆتە چوارچێوەی زاراوە و چەمك و چوارچێوەی تیوری، زیاتر خۆی لە دزینی ئەدەبیدا دەرخستووە. سەیر لەوەدایە ئەم چەمكە لە كۆتایی شەستەكانەوە

له لایەن (جولیا کریستیفا)وە جێگای مشتومڕ بووە و خۆی لەبواری رەخنەدا فەرز کردووە، کەچی لە رەخنەی کوردیدا نەوروژێنراوە.

دەقئاوێزانیش وەك زۆر بابەتی تر دووچاری رەخنە لێگرتن دەبێتەوە لەوانە:

١- کارتێکردنی لەسەر داهێنانی تاك دەبێت بەوەی هەموو دەقێك دەبەستێتەوە بە دەقەکانی ترەوە.

٢- مێژووگەرایی رەتدەکاتەوە بەوەی دەق دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند سەرچاوەیەکی پێشوو.

٣- تایبەتمەندێتی سەردەم وکاریگەریی واقیعی کۆمەڵایەتی بەنادیدە دەگرێت. (د. ظاهر محمد الزواهره/ ٢٠١٢: ٢٢)

**زاراوەی دەقئاوێزان**

لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (inter text unity ) ولە زمانی فەرەنسیدا زاراوەی (inter text tualite) بۆ دانراوە، (د. احمد الزعبی/ ١٩٩٥: ٩) زاراوە فەرەنسیەکەش لەسەرچاوەی کرداری لاتینی (Tettre)یەوە وەرگیراوە واتای چنین (حبکە) دەگرێتەوە بەمەش واتای (inter text) واتای ئاڵوگۆری دەق دەگەیەنێت. (د. احمد ناهم، ٢٠٠٤: ١٤) لە رەخنەی نوێی عەرەبیدا وشەی (التناص) بەکارهاتووە و سەقامگیر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند زاراوەی تریش بەکارهاتووە لەوانە:

١- التناص او التناصیە.

٢- تداخل النصوص او النصوص المتداخلە.

٣- النص الغائب.

٤- النصوص المهاجرە (او المهاجرە الیها).

٥- تظافر النصوص.

٦- النصوص المحالە او المزاحمە.

٧- تفاعل النصوص.

٨- التداخل النصی.

٩- التعدی النصی.

١٠- عبر النصیە.

١١- البینصوصیە.

١٢- التنصیص. (محمد مفتاح، ١٩٨٥: ١١٩).

لە زمانی فارسیشدا لە گۆڤار و فەرهەنگە رەخنەییەکاندا زاراوەی (بینامتنی) بەکارهاتووە، (د. بهرام بغدادی/ ١٣٧٨: ١١٢) هەروەها (پیام یزدانجو)یش، لەکاتی وەرگێڕاندا، ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە. (گراهام الن/ ١٣٨٠: ٢).

لە زمان و ئەدەبیاتی کوردیشدا هەرچەند ئەم زاراوەیە تازەیە، لێرەو لەوێ بە ناڕاستەوخۆ بێ ئاماژە کردن بە ناوی زاروەکە ئاماژەی پێدراوە، بەڵام دەتوانین بڵێین رەخنەگر (عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی) یەکەم کەسە زاراوە و چەمکی دەقئاوێزانی لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا پێناساندوین و کاری زۆر لەسەر کردووە.(عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی، ١٩٩٧: ٢٥).

**پێناسە**

دەقئاوێزانیش وەك زۆربەی زاراوە و چەمەکەکانی تر پێناسەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت، بۆ نموونە، دەگوترێت ((دەقئاوێزان ئەوەیە کە دەقێکی ئەدەبی دەق و هزری زانستی پێش خۆی لەخۆ بگرێت، بەشێوەیەك کە دەقە کۆنەکان

لەگەڵ تازەکەدا پێکەوە دەقێکی یەکگرتوو وتەواودروست بکەن)). (احمد الزعبی، ١٩٩٥: ٩) (محمد مفتاح) لە پێناسەی دەقئاوێزاندا دەڵێت: ((دەقئاوێزان واتە چوونە پەیوەندییەکی دەقە لەگەڵ دەقی تردا بە چۆنێتی جیاواز)) (محمد مفتاح، ١٩٨٥: ١٢١) هەندێ توێژینەوەی رەخنەیی رۆژ ئاواییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە (میخائیل باختین) زانای روسی یەکەم کەس بووە کە چەمکی دەقئاوێزانی لە کتێبی (الماركسيه وفلسفه اللغة)دا بەکارهێناوە بەوەی کە: ((دەق لاساییکردنەوە و لەخۆگرتنی دەقی پێش خۆیەتی)). (محمد بنيس، ١٩٩٠: ١٨٣-١٨٤)

(کریستیفا)یش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا هیچ دەقێك بەتاڵ نییە لە کارتێکردنی دەقەکانی تر ودەڵێت: ((هەموو دەقێك تابلۆیەکی رەنگاو رەنگە لە وەرگرتن و خواردنەوەو گۆڕینی دەقی تر)) (عبدالله الغذامی، ١٩٨٥: ٣٢١) لە روانگەی (کریستیفا)وە دەق تەنها سیستمێکی زمانەوانی داخراو نییە، وەك ئەوەی فۆرمالیست و بونیادگەراکان بانگەشەی بۆ دەکەن. (محمد مفتاح، ١٩٩٢: ٩٦).

لێرەدا مەبەست تەنها بونیادگەری زمانەوانی (البنيويه اللغويه)یە، نەك بونیادگەری پێکهاتەیی (البنيوية التكوينية)، چونکە دووەمیان جەخت لەسەر داخرانی دەق ناکاتەوە.

(دومنيك ماتجينو) لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (دەروازەیەك بۆ شیکردنەوەی میتۆدەکانی گوفتار)دا بەم شێوەیە پێناسەی دەقئاوێزان دەکات و دەڵێت:((کۆمەڵێك پەیوەندییە کەوا دەقێك بە کۆمەڵێك دەقی ترەوە دەبەستێتەوە وخۆی تێدا نمایشدەکات)) (ب.م دوبيازی/ ٢٠٠٠: ١١٥).

لای (ليتش Leitch ) دەق خودێکی سەربەخۆ، یاخود مادەیەکی یەکگرتوو نییە، بەڵکو کۆمەڵێك پەیوەندییە لەگەڵ دەقی تردا، واتە لەروانگەی ئەمەوە دەق بریتیە لە تۆڕێك وەرگرتن بەرێگەی هەست ونەستەوە. واتە هەموو دەقێك دەقی بەیەکداچووە.(د. عبدالله الغذامی/ ١٩٨٠: ٣٢٢)

(روبرت شونر) پێی وایە کە واتای دەقئاوێزان بە پێی رەخنەگران دەگۆڕێت، بەڵام پرەنسیپی سەرەکییان ئەوەیە، کە دەقەکان ئاماژەی تێدایە بۆ دەقی تر، هەروەك چۆن ئاماژە (الاشاره signes) ئاماژەیە بۆ هی تر و پێناسەی دەقئاوێزان بەم شێوەیە دەکات و دەڵێت: ((دەق دەرژێتە ناو دەقی ترەوە تا مەدلولی تازە بەپێی هۆشیاری و نا هۆشیاری نووسەر بەرجەستە بکات))(هەمان سەرچاوە، ١٩٨٠: ٣٢٠-٣٢١) (ناتالی بیيقی – عزوس)یش لەبارەی دەقئاوێزانەوە دەڵێت: ((هەموو نووسینێك دەچێتە چوارچێوەی کارەکانی پێش خۆی و بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت خۆی لێدەرباز بکات)) (ناتالی بیيقی، ٢٠١٢: ١١)

**دەقئاوێزان و رەخنەی ئەدەبی کوردی**

دەقئاوێزان لە رەخنەی ئەدەبی کوردی دا نوێ و نامۆیە ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی رەخنەی کوردی هەڵبدەینەوە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا پێش راپەڕین، بە هیچ شێوەیەك وتار و نووسینێك لەسەر ئەم بابەتە نابینرێت، بەڵام لەجیاتی ئەمە زیاتر باس لە دزین و وەرگرتن و تێهەڵکێشکردن کراوە، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لەبارەی ئەم بابەتەوە کتێبی وەرگێردراو وتار نەبووە و پردی پەیوەندیش لەگەڵ دەرەوەدا لاواز بووە. لە دوای بەیینامەی یانزدەی ئازاریش رەخنەگرەکانمان زیاتر سەرقاڵی وەڵامدانەوەی یەکتربوون و هەر هێمایەکی دەقئاوێزانیان بەرچاوکەوتبێ هەر زوو بڕیاری دزینیان لەسەر داوە، بابەتی تیوری لەسەر ئەم بابەتە کەمبووە، یاخود هەر نەبووە.(د. شنو محەمەد مەحمود/ ٢٠١٢: ٦٤) لەدوای راپەڕین گۆرانکاری و وەرچەرخانی گەورە لە ئاست کوردستان و ناوچەکە وجیهاندا ڕوویدا، ورده ورده پردی پەیوەندی رۆشنبیری لە نێوان کوردستان و جیهاندا کرایەوە، ڕەوتی جیهانبینی و بزوتنەوەی وەرگێران و کردنەوەی پێشانگای کتێب لە ئاست کوردستان و عێراقدا رۆڵی

کەریگەریان لەسەر ڕەوتە ڕۆشنبیرییەکە داناوە. لێرە ولەوێ لە ڕۆژنامە وگۆڤارەکاندا بابەتی وەرگێران و وتار لەسەر دەقئاوێزان دەبینرا، بۆ یەکەم جار شاعیر و ڕەخنەگر (عبدالله تاهیر بەرزنجی) لە گۆڤاری (ئێستا)دا توێژینەوەیەکی تیۆریی و پراکتیکی لەسەر دەقئاوێزان بڵاوکردۆتەوە. (عبدالله تاهیر بەرزنجی/ ١٩٩٨: ٧) دەکرێ بە یەکەم هەنگاو لەم بوارەدا دابنرێت، دوابەدوای ئەم توێژینەوەیە وشەی دەقئاوێزان وەك زاراوەیەکی ڕەخنەیی لە ئەدەبی کوردیدا جێگیربوو. هەرچەند لە زانکۆ و شوێنە ئەکادیمییەکانی ناوچەکە چەندین نامەی ماجیستر و دکتۆرا لەسەر ئەم بابەتە نووسراوە، بەڵام لە زانکۆکانی کوردستان درەنگتر ئاوڕی لێدراوەتەوە نامەی دکتۆراکەی (د. شنۆ محەمەد مەحمود) بە ناونیشانی (دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نموونە، پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت) یەکەم نامەی ئاکادیمی زانکۆکانی کوردستانە لەو بوارەدا.

**تایبەتمەندییەکانی دەقئاوێزان**

١- بزافێکی کارلێکە، خاوەن دەنگی جیاوازە، لە نێوان ئێستا ورابردوو، من و ئەوانی تردا، دایەلوك دەکات. خاوەن چەند باوکێکە، ئەم زاراوەیە وتەی داهێنان و شاعیری داهێنەری هەڵوەشاندنەوە، دەسەڵاتی دانەری کەمکردووە، ئەوەی دەرخست کە هەموو دەقێك سەنتەرێکی دەقئاوێزانە و لەگەڵ دەقی کراوەدا یەکیانگرتەوە بەکرانەوە بەسەر ڕەگەزەکانی تری ئەدەبدا و لە هەمانکاتیشدا کرانەوە بەسەر هیرمینۆتیکدا و لەگەڵ مردنی نووسەری (ڕۆڵاند بارت) داو وتەی دواخستن (التأجیل)ی (دیریدا)شدا هاوئاهەنگ بوو.

٢- دەقئاوێزان لای (بارت)و (جینیت) و (ئیکۆ) و (فۆکۆ)دا دەقی باڵای بەرهەمهێناوە بەوەی دەقی کۆنی رووخاند و سەرلەنوێ بونیادی نایەوە، ئەم بونیادە تازەیەش گۆڕا بۆ بونیادێکی کۆن. بەم شێوەیە دەقئاوێزان لە بۆشاییەوە دەستی پێنەکردووە، بەڵکو خوێندنەوەیە بۆ دەقەکانی پێش خۆی و هاوسەردەمی، شۆڕشێکە بەسەر بونیادگەرییدا لەناوەوە. دەقئاوێزان مامەڵە لەگەڵ دەقی داخراو و سەربەخۆدا ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە مامەڵە لەگەڵ دەقی کراوەدا دەکات و پێویستی بە خوێنەرە تا سەر لەنوێ دەقەکە بەرهەم بهێنێتەوە.

٣- دەقئاوێزان چەمکی دایەلۆك و فرە دەنگی بەرهەمهێناوە، کە تێیدا دیالۆك لە نێوان ئێستا و رابردوو، من وتۆ، بونیادی دەقی روکەش و قوڵدا دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا زاراوەی دەقئاوێزان تا ئێستاش لە ئەوروپادا سەقامگیر نییە بەهۆی تێڕوانینی جیاوازی ڕەخنەگرانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکە لە زاراوە گرنگەکانی دوای بونیادگەری، لای (کریستیفاو) و (بارت) بۆ توێژینەوەی سیمیۆلۆژی و لای (دیریدا) بۆ توێژینەوەی هەڵوەشاندنەوەی گەرایی ولای (ئیکۆیش) بۆ تیوری خوێندنەوە بەکار دەهێنرێت، بەڵام (جینیت) لە هەموویان زیاتر بایەخی پێداوە. (د. خلیل الموسی/ ٢٠٠٨: ٣٢٨) زانایانی زمانناسی سەرەرای ئەرکەکانی زمان ئەرکێکی تریشی بۆ زیاد دەکەن، ئەویش ئەرکی گەراندنەوەییە، (الوظیفة الاسترجاعیة) بەوەی دەقێکی پێشووتر دەگەڕێتەوەو سەرلەنوێ بونیادی دەنێنەوە، ئامانجیش لەمە وەبەرهێنانی ڕەسیدی مێژووی بەسۆزی دەقی یەکەمە، پرۆسەی گەرانەوەی دەقی کۆن و هێنانەوەی بۆناو دەقی تازە، ئامانج لێی پێدانی رۆڵە بە دەق لە سنووری ئەرکی زمانەوانیدا، کە بەدەر بێت لەو شەش ئەرکەی زمان کە لامان ئاشکرایە، ئەم پرۆسەیەش، پاڵپشتە بە بەیەکداچوونی دەقەکان، پێی دەگوترێ دەقئاوێزان. دەتوانین بڵێین کە کارلێکی دەقەکان لەناو پرۆسەی دەقئاوێزاندا لە دوو سەرچاوەوە بەرهەمدێت:

١- سەرچاوەی نائاگا (لا ارادي) کە تێیدا دەقێکی تواوەی مێژوو بەشێوەیەکی ناهۆشیاری ڕۆدەچێتە ناو دەقەکانی بەرهەمهێنەرەوە.

٢- سەرچاوەی ئاگا (ارادي) کە تێیدا بەرهەمهێنەر دەقێکی کۆن دەخاتە ناو دەقە تازەکەوەو کارلێکی لەگەڵدا دەکات. (عبدالعزیز موافی، ٢٠٠٨: ٣٤٨-٣٥٤)

دەقئاوێزان یەکێکە لە دیاردە هونەرییەکانی شیعر، کاریگەری زۆری لەسەر پێکهاتەی ستاتیکی دەقی ئەدەبی هەیە، ڕەگ و ریشەی لە قوڵایی مێژوودایە و لە ڕوانگەی دەقئاوێزانەوە بەناو مێژوودا دەچین و خوێندنەوەیەکی تازە لە بەر تیشکی ئەمرۆدا دەکەین، تا سەرلەنوێ بە پێی جیهانبینی شیعریی دایڕێژینەوە، تا دەلالەتە مێژووییەکان بە پێی ئەزموونی شیعری لێ هەڵێنجێنین و، تایبەتمەندێتی خاوەنەکەی لە گوازرشتکردن رونبکەینەوە، بەوەی، تا چەند خاوەن رەهەندی خودی و شارستانی و مرۆڤایەتییە. (غرموس ابراهیم نمر/ ٢٠٠٥: ٧)

**لایەنە باشەکانی دەقئاوێزان (ایجابیات التناص)**

١- کرانەوەی دەق و هەمە لایەنەی دەلالەتەکانی دەق.

٢- بەرجەستەکردنی تواناکانی نووسەر و خوێنەر وەك یەك کە خاوەنی باکگراوندێکی رۆشنبیری و مێژووین.

٣- دەقئاوێزان کارێکی گرنگە لەسەرکەوتنی کرداری پەیوەندیکردن و نەهێشتن ولابردنی هەموو سنوورێك لە نێوان شارستانێتییەکان و رۆشنبیرییەکاندا.

٤- دەقئاوێزان یارمەتیدەری نووسەرە لەبەرجەستە کردن و بەستنەوەی سۆز و بیرەکانی بەرووداوەکانی رابردوو ئێستاو هەروەها چاودێریکردنی داهاتوویش.

٥- دەقئاوێزان گرنگە بۆ گوازرشتکردن لە جیاکردنەوەو یەکلاییکردنەو لە ئەنجامی هێنانی دەقێکی ئەدەبی کۆن بە بنیادی زمانی تایبەت. (د. بشیر تاوریت/ ٢٠٠٨: ٦٥)

**دەقئاوێزانی خودیی (التناص الذاتی)**

ئەمەش کاتێك ڕوودەدات کە نووسەرێك لە دەقی ئێستای، یان پێشتری خۆی چەند وشە و دەستەواژە و هزر وەردەگرێت و دەقێکی نوێی لێ بەرهەمدەهێنێت بە پێی یاساکانی دەقئاوێزان وەك جووینەوە (اجترار) هەڵمژین (امتصاص) دیالۆك (حوار). (د. شنۆ محمد محمود/ ٢٠١٢: ٨٤)

(شێرکۆ بێکەس) لەم جۆرە دەقئاوێزانەی زۆرە، لێرەدا چەند نموونە وەردەگرین کە دەقئاوێزانی تێدا دروستبووە دەقەکانیش بەرهەمی یەك کتێبن.

بۆ نموونە لەم دەقەدا شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

ئەم کاتەت باش
من ناوم ((گابەرد))ە
لەسەر ئەم بەرزاییە ئەژیم
چاوم لە هەموو شتێکە!
ئەمەوێ بەر لەوەی بەر باروت و جادە بکەوم و
نەهێنییەکان لەگەڵ خۆمدا ورد و خاش کەن
هەندێ قسە هەیە بیکەم
جارێکیان هەر لە پاڵ مندا
بۆسەیەکیان بۆدوو جۆگەی بێ گوناه دانا
جۆگەکان بەدەم گۆرانی وتنەوە ئەهاتن

وەختێ گەیشتمە بەردەمیان کوشتیانن
تەنها لەبەرئەوەی سەرچاوەکانیان جیابوون.

(شێرکۆ بێکەس، ٢٠١١: ١٢٦)

هەر خودی شاعیر لە دەقێکی تری هەمان کتێبدا دەڵێت:

ئێوە نازانن ئەم نیشتمانە بەناوی پیرۆزی
خاك و خۆڵەوە بەشایەتی باڵندەکان
بەشایەتی ئەو هەموو دارستانە ئەو هەموو
مار و مێرو بۆق و مارمێلکە وسیسیرکەوە، بە
شایەتی ئەو هەموو سمۆرانە ئەو هەموو
قەتێ و مامز و کەروێشکانەوە، بە بێ دەنگی،
بەدزی  ئازادییەوە
بەدزی ڕەنگی سپییەوە
بەدزی درەختەکانەوە
بەدزی چاوی بارانەوە
ئێوە نازانن بەدزی خۆرەتاوەوە
چەند شیعریان کوشتوە
چەند چیرۆکیان سەربڕیوە
چەند شانۆنامەیان فڕاندووە
چەند خەویان زیندە بەچاڵا کردووە.

(شێرکۆ بێکەس، ٢٠١١: ١٣٣)

ئەم دوو دەقەی شاعیر دەقئاوێزانیان لەگەڵ یەکدا دروست کردووە بە پێی یاسای جووینەوە (الاجترار) هەردوو دەقەکە بەشێوازی چیرۆك گێرانەوە دەچنە ناو ڕووداوەکانەوە کەرەستەکانی چیرۆکیانی تێدا بەکارهاتووە، لە هەردوو دەقەکەدا شاعیر پەنا بۆ بێگیان دەبات و دەیکات بە شایەتحاڵ هەردوو دەقەکە چونەتە ئاستێکی شیعرییەتەوە بەوەی چەندین پێوەری هونەرییان تێدا دەبینرێت، هەر لە زمانی شیعرییەوە بگرە، تا خوازە و خواستن و وێنەی شیعرییەوە، لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە هەردووکیان گوزارشتکردنن لە بێدادی و ستەم و چەوسانەوە لە ژێر پەردەی شۆڕش و ئازادی و بەرەنگارییەوە، لە هەردووکیاندا خودی شاعیر کەسێکی یاخی و ڕاز هەڵماڵراوە، پەیامی دەقەکان زۆر لەیەکەوە نزیکن، بەتایبەت لە سێ دێڕی کۆتاییدا وەك جۆگەی روبار تێکەڵ یەکتر دەبن و دەقئاوێزانی خودیان دروست کردووە.

(شێرکۆ بێکەس) لەم دەقەشدا دەڵێت:

بەیانیت باش!
من ناوم ((قەڵەمە))
لەناو پەنجەکانی (با)یەکی گەنجدام
خاوەنەکەم هەمیشە

هەتاوم پێ ئەنووسێتەوە
ئەو سڵ لە هیچ تارماییەك و
لاستیكێكی خەت كوژانەوەی
مقەستەكان ناكاتەوە
سڵ لە هەڕەشەی هیچ دڕكەزییەك ناكاتەوە
من هەندێ جار كە ئەو پێم ئەنووسێت
دڵم ئەكەوێتە خورپە خورپ
نایشارمەوە ئەترسم!
چونكە ئەویان دەمامكی
شاخێكی گەورە هەڵئەداتەوە
یان چنگ ئەنێتە چنگی ڕەشەبایەكی دڕ!

(شێركۆبێكەس، ٢٠١١: ١٥٣)

ئەمە دەقێكی تازەی دیوانی (ئێستا كچێك نیشتمانمە)ی شێركۆ بێكەس لەسەردەمێكی تازە و جیاوازدا نووسراوە، بەڵام دەقئاوێزانە لەگەڵ دەقی خودی شاعیر لە دیوانی پوستەرە شیعرەكانی ساڵانی حەفتاكان كە تێیدا شاعیر گوتوویەتی:

قەڵەم
قەڵەمێ سەری خۆی هەڵگرت
هیچ دەفتەر و هیچ كاغەزێ
نەیان زانی
ڕووی لە كۆی كرد
چونكە ویستیان دای بدەن و
خۆی بە خۆی بكوژێننەوە!
چونكە ویستیان وا بنووسێ
هەر بە تەنیا سوڵتانەكان
بیخوێننەوە.

(شێركۆ بێكەس، ٢٠٠٩: ٤٩٢)

ئەم دوو دەقە دەچنە چوارچێوەی دەقئاوێزانی خودییەوە كە لە دوو سەردەمی جیاوازدا نووسراون، بەڵام گوزارشت لە واتایەكی هاوبەش دەكەن بە پێی یاسای هەڵمژین (الامتصاص) ئەم یاسایە لە بنەڕەتدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە گرنگی بە دەق و پیرۆزییەكەی دەدات و بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵدا دەكات كە مامەڵە كردنەكە بزوێنەر و گوڕهێنەر بێت و دەقە ئەسڵییەكەیان سەرچاوەكە ڕەت ناكاتەوە و بەشدار دەبێت لە بەردەوامی و كرۆك و جەوهەرەكەیداو قابیلی تازەكردنەوەیە. (احمد ناهم، ٢٠٠٤: ٤٤). واتا لێرەدا ئەم دەقەی دووەمی شاعیر دەقەكەی پێشووتر سڕ ناكات و ڕەخنەیشی لێناگیرێت، بەڵكو سەرلەنوێ دایدەڕێژێتەوەو گۆڕانكاری تێیدا بەبێ سەردەم دەكات.

له دەقی یەکەمدا قەڵەم باخییە لە ستەم ونادادپەروەریی و سەری خۆی هەڵدەگرێت، تا بە ناوی ئەوەوە تاوان نەکرێت، لە دەقی دووەمدا قەڵەم دەخوازێت بۆ خودی شاعیر واتە خودی شاعیر لە بڵندگۆی قەڵەمەوە گوزارشت لە بابەتەکان دەکات، لێرەدا قەڵەم دیسانەوە سەنتەری دیالۆکی دەقەکەیە، بەڵام بە شێوازێکی نوێترو جیاوازتر.

(شێرکۆ بێکەس) لە دەقی (ناسینی تەواو)دا دەڵێت:

بەچوار مشقی .. من بە تەنها
قاچەکانی مێژووم بینی
بەچیچکانەوە بە تەنها
من هەر لە نیوەی ئازادیم بینی
کەڕاوەستام
هەتا ملی وڵاتم دی
بەڵام وەختێ
چوومە سەرشانی ((هەژاری))
ئیتر لەوێوە تەواوی
مێژووی خۆم و ئازادیم و
ئەم وڵاتەی خۆمم بینی.
(شێرکۆ بێکە، :٣٣٢)

هەر خودی شاعیر لە دەقی (باڵا)دا دەڵێت:

ئازارێکی باڵا بەرزم
بێ ئەوەی بچمە سەر شانی
خەمێکی تر
تەنیا بەسەر هەڵبڕینێ
برین لە کوێ بێ ئەیبینم
هەژار لە کوێ بێ ئەمبینێ

(شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٤٧٩)

دیسان ئەم دوو دەقە خۆیان لە دەقئاوێزانی خودیدا دەبیننەوە بەر یاسای جوینەوە (الاجترار) دەکەون، بەوەی سەر لەنوێ دووبارەبوونەوەی دەقی نائامادە (بزر) بە بێ گۆرانکاری و دیالۆگکردن لەگەڵیدا، لێرەدا تەنیا دووبارەکردنەوەیە لەگەڵ گۆرانکارییەکی زۆر کەمدا تەنیا هەندێ جیاوازی لە ڕوکەشدا دوور لە بنیاتی گشتی دەقەکەدا دەبینرێت. کۆی هزری دەقەکە ناوەڕۆکێکی هاوبەشە کە سەنتەرەکەی وشەی (هەژارییە)، هەروەها هەمان یاسای توانەوە بەسەر دەقی (مردن) و (جودایی) شێرکۆ بێکەس دا جێبەجێدەکرێت کاتێك لە دەقی (مردن)دا دەڵێت:

کە گەڵایەك مرد.. حەرفێکم لێ مرد
کە کانییەك مرد.. وشەیەکم مرد
کەباخچەیەك مرد.. رستەیەکم مرد

(دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٧٥١)

لێرەدا ئەم چوارچێوەیە وهزرو شێوازی دەقەکە هەمان دووبارە بوونەوەیە لە دەقی (جودایی)دا کاتێك دەڵێت:

ئەگەر لەناو شیعرەکانما
((گوڵ)) دەراوێژنە دەرەوە
لە چوار وەرز وەرزێکم ئەمرێ
ئەگەر ((یار)) بێننە دەرەوە
دووانم ئەمرن
ئەگەر ((نان)) بێننەدەرەوە
سیانم ئەمرن
گەر ((ئازادی)) بێننە دەرێ
ساڵم ئەمرێ و خۆیشم ئەمرم

(دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٧٥١)

**دەقئاوێزانی شیعری شێرکۆ بێکەس لەگەڵ شیعری شاعیرانی کوردا:-**

بە پێی چەمکی دەقئاوێزان تەنها خودی شاعیر خۆی خاوەنی دەق نییە، بەڵکو کۆی کولتوری مرۆڤایەتی بەشدارە بەشێوەی جیاواز، دەق تا کنە و پشکنینی بۆ بکەیت واتای زیاتر دەدات بەدەستەوە، لەهەمانکاتیشدا باکگراوندی ڕۆشنبیری خوێنەر دەق زیاتر دەوڵەمەند دەکات، لەم بارەیەوە (شێرکۆ بێکەس) نموونەی زۆرە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین.

شێرکۆ بێکەس لە شیعرێکدا دەڵێت:

لەناو ریشی دەوەنێکدا خۆم شاردەوەو
گوێم گرت لەبەردی رەوەزێ
تاقە خەمی بەرد ئەوە بوو:
ئێستە و دوارۆژ
لەو شاخەدا هیچ رەوەز و بەردێ نەبێ
لە ئاست ئەودا سەر هەڵبرێ و
لەو بەرزتر
لەبەرۆکی ئێوارەدا خۆم شاردەوەو
گوێم گرت لە جۆگەلە ئاوێ
تاقە خەمی ئاو ئەوەبوو
ئەم کەی ئەبێ بە لافاوێ و
لەم وەرزەدا
رۆژێ زووتر
جۆگەکانی تر قووت ئەدا!

(دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠١١: ١١٦)

(لەتیف هەڵمەت)یش لە دەقی (شاعیر)دا دەڵێت:

گوێم لە ئاو گرت

گۆرانی دەگوت بۆ کەنار

گوێم لە مەل گرت

گۆرانی دەگوت بۆ دار

گوێم لە دار گرت

گۆرانی دەگوت بۆ بەهار

گوێم بۆ بەهار خستە سەر پشت

گۆرانی دەگوت بۆ شاعیر

کەسەرنجم لە شاعیردا

دەتوایەوەو

تك تك دەبوو بە ئاگر

(دیوانی لە تیف هەڵمەت، ٢٠١٤: ٣٧٠)

دەقەکەی (شێرکۆ بێکەس) دەقئاوێزانی لەگەڵ دەقەکەی (لەتیف هەڵمەت)دا دروست کردووە بە پێی یاسای توانەوە، هەروەها شێوازی داڕشتنی هەردوو دەقەکە زۆر لەیەکەوە نزیکن و لە هەردوو دەقەکەدا وشەی (گوێم) ئاراستەی دەقەکان بەرێوە دەبەن و بەزنجیرە لەگەڵ وشەکاندا بەیەك ڕێرەو دێنە خوارێ، تا دوا ئامانجی دەقەکەو واتای سەرەکی لە کۆتاییدا دەدەن بە خوێنەر. ئەم دوو دەقە بە ئاگایی یان بێ ئاگا لەناو یەکتردا تواونەتەوە و خاڵی هاوبەشیان زۆرە.

هەروەها دەقی (بێکۆتایی) شێرکۆ بێکەس دیسانەوە دەقئاوێزان بە پێی یاسای توانەوە لەگەڵ دەقەکەی (لەتیف هەڵمەت)دا دروستدەکات وخاڵی هاوبەشیان زۆرە هەر لە شێوازی گوتنەوە بگەرە، تا ڕیزبەندی وشە و ڕستەکان.

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

گوێم گرت لە.. شاخ

باسی زەریای بۆ ئەکردم

زەریا.. پەخشانی پێدەشتی

خوێندەوە بۆم

سروشت.. داستانی هۆنراوەی

سەر شانۆی ئادەمیزادی پیشاندام،

کاتێکیش گوێم لە زەمین گرت

باسی ((گەردون))ی بۆ کردم!

نەهێنییەکان: ڕایان ژەنیم

وەك منالی خەویان لێخستم

ئەی سنووری بێ کۆتایی

کەی ئەتگەمێ؟! (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠١١: ٣٠٨)

(شێرکۆ بێکەس) لە دەقێکی تردا دەڵێت:
ئەم نیشتمانە نیوەروان کە ئیبینی
خۆیمان لێ ئەکا بە گاندی و
لەشەویشدا ((بۆکاسا))یەو
بەیانیان سۆفییەکی نورانییە و
ئێوارانیش جلی (بارق) و (حەجاجی)
لەبەردایە.
(شێرکۆ بێکەس، ٢٠١١: ١٥٩)

(لەتیف هەڵمەت)یش لە دەقی (نوێژ)دا دەڵێت:
من شاعیرێکی سەیرم
هەندێ جار سۆفیەکی گەورەم و
لەسەرانسەری گەردووندا
لە نووری خوا بەولاوە
هیچ شتێکی دی بەدی ناکەم
جاری واش هەیە
دەمەوێ لەسەر شۆستەی شەقامێکدا
دوو رکات نوێژ بۆ باڵای کچێکی جوان بکەم
(دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤: ١٣٦)

دەقەکەی (لەتیف هەڵمەت) ، دەقئاوێزانیان لەگەڵ یەکتردا بە پێی یاسایی توانەوە دروست کردووە ئەگەر لە ڕوانگەی رەخنەیی و بەراوردەوە سەیری ئەم دوو دەقە بکەیت دەبینین ئاڵوگۆر لە نێوان دوو ئەرکدا کراوە کە خۆی لە دوو دوالیزمی دژ بەیەکدا دەبینێتەوە، دەرونی (لەتیف هەڵمەت) لە کۆپلەی ١، ٢، ٣ هاودژە لەگەڵ سێ کۆپلەی کۆتاییدا، واتە لێرەدا شاعیر دەرونێکی ناسەقامگیری هەیە، بەڵام ئەم دوالیزمە لای (شێرکۆ بێکەس) پێچەوانە دەبێتەوە لە خودی شاعیرەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نیشتمان، واتە نیشتمان لە دێرەکانی ١، ٢، ٣ دۆخی ناسەقامگیری و جیوەیی هەیە. دەکرێ خودی نیشتمانیش دەلالەتی جۆراوجۆر ببەخشێت.
لە (دەقی کۆتایی کورتە چیرۆکێکی سپی)دا (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:
چرایەك بۆی گێرامەوە
بەر لە چەند ساڵ
کورتە چیرۆکێکی سپی
لەسەردانێکی نسرمی چاپخانەدا
بەرلەوەی دابەشبکرێت و
جادە بیگرێ بە دەستەوە و

پەنجەرە بیخۆێنێتەوە
بەیانییەك
وردە وردە لە پەناوە
هەر لەسەر سك خۆی خشاندوو
لە دۆسییەی هاتە دەرێ
تۆزێ بە پێوە ڕاوەستاو
چاوی بە چوار دەورا گێراو
لە پرێكدا دەستی بردوو
قلَپ.. قلَپ
سەتلۆكەیەك مەرەكەبی كرد بە خۆیدا!
نوقم.. نوقم
هەتاكوو دوا وشەی خنكا
چونكە ئەیزانی دوای رۆژێ
بەخوایشت بێ یاخود بەزۆر
ئەبێ بچێ و
لەئاهەنگی
لە دایكبوونی شمشیری
دیكتاتۆرێكدا هەڵپەرێ
(دیوانی شێركۆ بێكەس، ٢٠٠٩: ٢٧٦)

ئەم دەقەی (شێركۆ بێكەس) شیعرە، بەكەرەستەی چیرۆك گوزارشت لە خۆی دەكات زۆربەی كەرەستەكانی شیعرییەتی تێدا دەبینرێت، شاعیر لەم جۆرە شیعرەی زۆرە لێرەدا وەك نموونەیەك كە گوزارشت لە چەندین نموونەی تری ئەم جۆرە شیعرە دەكەینە نموونەیەك و لەسەری دەدوێین ئەم دەقە دەقئاوێزانە لەگەڵ شێوازی زۆربەی دەقەكانی (پوستەرە شیعری) حەفتاكانی شاعیر بەتایبەتیش دەقی (شووشە مەرەكەب). لێرەدا یاسایی دەقئاوێزانەكە جوینەوەیە (الاجترار) بەوەی دەقەكانی پوستەرە شیعر خۆی لە كورتیدا چردەكاتەوە، بەڵام ئەم دەقە هەمان شێوازە، بەشێوەیەكی بەرفراوانتر.

(شێركۆ بێكەس) لە دەقێكی تردا دەڵێت:
هەموو درەختێك
نیشانەی خوێنی ئێمەی پێوەیە و
هەموو خاكێك
بەخاچی لەشی ئێمە نەخشاوەو
هەموو زەمانێك پێكەنینی سێدارەكەی ئێمەیان
تێدا دەنگ ئەداتەوە و هەموو پەلكە گیایەكی كوژراو
سینەمان نواڵەیەتی و هەموو چرایەكی كوژراویش

شەوقی باڵگرتووی ناوچاوی کتێبەکانمان

(دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٨: ٥٢)

ئەم دەقەی شێرکۆ بێکەس دەقئاوێزانە بە یاسای توانەوە لەگەڵ دەقێکی (کامەران موکری)دا کە دەڵێت:

بستێکم نەدی لەم خاکە جوانە

خوێناوی کوردی پیانەرژابێ

یا چیایەکی ئەم کوردستانە

هەزاران مێشکی تیا نەپژابێ

بۆیە بە تەنیا هەر دڵۆپێ خوێن

بۆ شیعرەکانم ئەکەم بە هەوێن

(دیوانی کامەران موکری، ٢٠١٢: ٣١٧)

لێرەدا ئاڵوگۆڕێك بەئەرکی وشەکان کراوە، لای (شێرکۆ بێکەس) درەختە، کەچی لای کامەران موکری خاکە، واتە گۆڕانکارییەکان زیاتر لە دەستپێکدایە.

(شێرکۆ بێکەس) لە دەقێکی تردا دەڵێت:

ئەوەتا بایەکی ڕقاوی گرنج گرنج، زبر

وەك ئەو غەزەبەی لە کەناری مەملەکەتی

ئاتەشینی ((پارس))وە زوو هەڵیکردو،

لەگەڵ خۆیدا، دەغلی ماچ و ئاگردان و ڕووناکی برد،

لەگەڵ خۆیدا لانکەی گوڵ و بەردەنوێژی موغەکان و

کلاوەکەی زەردەشتی برد. (شێرکۆ بێکەس، ١٩٩٣: ٤)

لە کتێبی مێژووی وێژەی کوردی (سدیق بۆرەکە)یش ئاماژەی بە دەقێکی کۆنی شیعر بە دیالیکتی هەورامی کراوە کە بە بۆچوونی ئەو مێژووەکەی زۆر کۆنە و باسی هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر کلتوری شارستانێتی ئێران دەکات ئێمە لێرەدا لەسەر مێژووی ئەم دەقە قسە ناکەین، بەڵکو ئێمە لە ڕوانگەی دەقئاوێزانەوە لێی دەدوێن، دەقەکە دەڵێت:

هۆرمزگان رمان ئاتران کوژان

وێشان شاردەوە گەورەی گەورەکان

زۆر کار ئەرەب، کەردنە خاپوور

کناو پاڵەیی هەتا شارەزوور

شن وکەنیکان وە دیل بەشینا

مێرد ئازاتلی وە رووی هوینا

ڕەوشت زەرتو شترە مانەوە بێ کەس

بەزێکا نێکا هۆرمز وە هێوچ کەس (سدیق بۆرەکەیی، ٢٠٠٨: ٣٨)

وەك (سدیق بۆرەكەیی) لە سەر زاری (دكتۆر سەعید خانی) كوردستانیەوە دەڵێت كەوا نزیكەی سەد ساڵ لەمەوپێش پارچە چەرمێك لە ئەشكەوتی جێشانەی سلێمانیدا دۆزراوەتەوە بەزاراوەی گۆرانی نووسراوەو مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزار و چوار سەد ساڵ پێش ئێستاو ئەو دەقەی لەسەر نووسراوە. دەقەكەی (شێركۆ بێكەس) دەقئاوێزانە لەگەڵ ئەم دەقە كۆنەدا بە پێی یاسایی توانەوە، چونكە ناوەڕۆكی هەردوو دەقەكە زۆر لەیەكتر نزیكن و باسی یەك بابەت دەكەن، بەڵام (شێركۆ بێكەس) بەزمانێكی شیعری سەردەم سەر لەنوێ دایڕشتۆتەوە.

لە دەقێكی تردا شێركۆ بێكەس دەڵێت:

من لە گەرەكی پاییزدا لە دایك بووم
تەنیایی مەڵاشومی هەڵداتەوەتەوە
قوماتەكەم گەڵای وەریوو بووە.

(شێركۆ بێكەس، ٢٠١١: ٢٣١)

(محەمەد عومەر عوسمان)یش لە دەقی (جەنراڵی پاییز) دا دەڵێت:

منم ژەنەڕاڵی پاییز
درەختی ڕووت ئەم نازناوەی خەڵات كردم
منیش نازناوی شەهیدم دا بە گەڵای هەڵوەریوو..و
كردمە تاكە ئازیزم
لەیەك ساتا خۆم كۆرپەی گەڵا ڕێزان و
هەر خۆشم باوكی پاییزم

(محەمەد عومەر عوسمان، ٢٠١١: ١٤٩)

ئەم دوو دەقە بە پێی یاسایی توانەوە دەقئاوێزانیان لەگەڵ یەكتر دروست كردووە، لێرەدا گرنگ نییە كامیان لە پێشەوە گوتراوە، هەردووكیان مامەڵەی خۆیان لەگەڵ پاییزدا كردووە، شێركۆ بەزمانی شیعری لە گەرەكی پاییزدا لە دایك بووە و قوماتەكەی گەڵای وەریوە، درەختی ڕووتیش نازناوی ژەنەڕاڵی پاییزی بە (محەمەد عومەر عوسمان) بەخشیووە و خودی شاعیریش باوكی پاییزە. لە ئاگایی وە بێت، یاخود لە نائاگایی پانتایی هەردوو دەقەكە لە ڕووی كەرەستەوە لەیەك نزیكن.

لە دەقێكی تردا (شێركۆ بێكەس) دەڵێت:

لە یادێتی سلەیمانی
بەسەرهاتی ئەرخەوانی
گردی سەیوان
جێ نزرگەی باپیرانی
ئاریانی
مەردی ژیان
لە یادێتی كە چۆن تەوری
زوڵم و جەوری

دەستی تاوان
چۆن سەربازی داگیرکەری
عوسمانییەکان
کەوتنە دەوری
گردی سەیوان
بۆ بڕیینی دار ئەرخەوان
(دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٣٨)

(سالم)یش لە وەڵامی نامەکەی (نالی)دا لەچەند کۆپلەیەکدا دەڵێت:
(سەیوان) پڕە لە شەخصی ستەم دیدە خوار و ژۆر
هەر قەبری پڕ غەمانە لە هەر لا دەکەم نەظەر
یان:
شارێکە پر لە ظولْم و ، مەکانێکە پر لە شین
جائیکە پر لە شۆرو، ولاتێکە پڕ لە شەڕ
یان:
تو خودا بڵێ بە حەضرەتی (نالی): دەخیلی بم
بەم نەوعە قەط نەکا بە سولەیمانییا گوزەر
(دیوانی نالی، ١٣٨٣: ٢٠٠)

هەرچەندە دەقەکەی (سالم) زۆر کۆنترە لە پانتایی مێژووی کۆندا نووسراوە و ئاوێنەی رۆژگاری خۆیەتی و گەواهیدەری تاوانەکانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە زمانی شیعر گوزارشت لە رووداوەکان دەکات و ئاستێکی ستاتیکای بەرزی هەیە، دەقەکەی (شێرکۆ بێکەس)یش دەقئاوێزان لەگەڵا ئەم کۆپلە شیعرانەی (سالم) بەشێوەی یاسای توانەوە. ڕاستە (دەقەکەی شێرکۆ بێکەس) زمان و تەکنیکی تازەی خۆی هەیە، بەڵام تارمایی ڕوونی کۆپلەکانی (سالمی) پێوە دیارە، بڕینی دار ئەرخەوانیش ڕاستە واتای فەرهەنگی خۆی هەیە، بەڵام لە هەمناکاتیشدا ڕەمز و خوازەیە بۆ شتی تر.
(شێرکۆ بێکەس) لە دەقی (شایی)دا دەڵێت:
رۆژێ شایی، هەر بەیانی
بەردەم دەرگا، ناو کۆڵانی
سەر، سەربانی
ماڵی بووکی و یان هی زاوا
بە گشت ماڵی گەرەك ئاوا
پر ئەبوو لە جل زەرد و سوور
لە میوانی گەرەکی دوور
لە مناڵە ورتکەی گرۆز
لە لاوی قۆز

له ژنان و کچی گەڕەك

له بۆنی خۆش

له دەش گێری ورده فرۆش

که قارس ئەبون به نا خوونەك:

وا دەست بەردانی پیاوانه

نۆبەی هەڵپەڕکێی ژنانه

(دیوانی شێرکۆ بێکەس، ۲۰۰۹: ۱۵۱)

ئەم دەقەی (شێرکۆ بێکەس) دەقئاوێزانه لەگەڵ (گەشتی قەرداخی) گۆران دا، دیمەنی شایی (١٦)، که گۆران لەچەند کۆپەلەیەکدا دەڵێت:

له دەوری ئاگر حەڵقەی چۆپیی کوڕ

ترپەی پێی ئەهات وەك لێزمەی خوڕ!

سەرچۆپی کێشی قۆزی چۆپی زان،

پاش هەڵسانەوەو نووکی پێ بادان

له ژوور سەریەوه دەست و خەنجەری

چەشنی چەخماخەی ئاسن ئەلەری

شمشاڵ ژەن ئەینا بۆ هەچ لایەك ڕوو

ئەو لایه کەللەی زۆرتر گەرم ئەبوو.

یان:

کوڕگەل! هەمیشه گیان ودڵا شاد بن،

دەست لەملانی بووکی مراد بن،

نۆرەی خۆتان کرد، شیرین هەڵپەرین،

ئاسمانتان لەرزان به تەوژم و تین!

نۆرەی ئافرەته ئەمجا هەڵپەڕێ،

ساهێز دەست بەردا، جوانی دەست بگرێ!...

(دیوانی گۆران، ۱۹۸۰: ۱٤۸-۱٤۹)

لێرەدا دەقەکەی گۆران به یاسایی توانەوه تێکەڵ به دەقەکەی (شێرکۆ بێکەس) بووه، شوێن له دەقی (گۆران)دا گونده، بەڵام لای شێرکۆ گەرەکی شاره، هەردوو دەقەکه له کۆتا کۆپلەدا به تەواوەتی تێکەڵ یەکتر دەبن.

**دەقئاوێزانی شیعری شێرکۆ بێکەس لەگەڵ شیعری ناوچەیی و جیهانی:**

هەروەك له سەرەتادا گوتمان دەقی شیعریی بریتییه له کۆی کولتوری جیهان له ڕێگای وەرگێران و تێکەڵاوبوونەوه سنوورەکان دەبەزێنن. هەندێ جار دەقئاوێزانەکه شاراوەیه پێویستی به راڤه کردنی قوڵ هەیه، هەندێ جاریش خۆی له چەند ڕستەیەکدا دەبینێتەوه، ئاگایی و نائاگایی رۆڵی خۆی لەم بوارەدا دەبینێت.

(شێرکۆ بێکەس) لەم دەقەدا دەڵێت:

- لەم بەری کەناری گیانمەوە:

بەهاری رموون
گوڵی دڕ
خۆری کوێر
بەفری ڕەش
((با))ی خنکاو
رووباری زۆر زبر
بارانی وشم وڕەق
گری سارد
خوێنی زەرد
هاژەی کەر
گرمەی لاڵ چیم بینی؟!
کۆتری ڕق
غەدری حەق
تاوانی فریشتە
ستارەی جەردە ودز

- ئەی لەوبەر کەناری گیانتەوە؟
- بڵێسەی خۆڵەمێش

شۆڕشی مردووەکان
لافاوی وشکانی
هاواری بێ دەنگی
پرشنگی تاریکی
هیوای نائومێدی
سەوزایی تینوێتی
تێرێتی و برسێتی
فرینی کێوانم بینی!

- لەم دێرە بەولاوە ئاوەرۆی وشەکان

لە دەنگما ئەگۆرم
لەم ڕەنگە بەولاوە بافلی ڕەنگەکان
لە چاوما ئەگۆرم.

(دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٥٦٦)

ئەم دەقەی (شێرکۆ بێکەس) لەگەڵ هەندێ دەقی (بودلیر) بە تایبەتیش ناونیشانی دیوانەکەی (أزهار الشر) بە یاسایی توانەوەی دەقئاوێزانی دروست کردووە، (بودلیر)یش لەم دەقەدا دەڵێت:

أنا الجرح و السكين!

أنا الصفحة والخد!

أنا الاطراف و دولاب التعذيب

والضحية والجلاد!

أنا مصاص دماء قلبى

- أنا أحد أولئك المهجورين الكبار

المحكوم عليهم بالضحك الأبدى

الذين لم يعودوا يستطيعون الابتسام

(بودلیر، ٢٠١٢: ٢١٦)

(بودلیر) هەمیشە هەوڵیداوە واتا هاودژ و ناکۆکەکان لە دەقی شیعریدا کۆبکاتەوەوە، شیعرییەت دروست بکات، بەلایەوە ئەوە گرنگ بووە کە خۆت لە لاساییکردنەوەی زۆر بپارێزێت وداهێنانی نوێ لە شتی نامۆی دژبەیەك دروست بکەیت. (شێرکۆ بێکەس)یش لەم دەقە لەسەر پەیڕەوەکەی (بودلێر) دەڕوات بەوەی هاودژەکان لە دەقی شیعریدا کۆدەکاتەوە و خۆی بە دوور دەگرێت لە واتای ئامادەکراو.

(شێرکۆ بێکەس) تەکنیکێکی تازەی بەکارهێناو کە پێشتر لە شیعری کوریدا نەبووە، دەڵێت:

ناونیشانمان

شاری: پارە

گەڕەك: دەهۆڵ

شەقام: تەڵە

کار: مامۆستای وانەی هەڵە

قوتابخانە: باوکی درۆ

ئارەزوو: پاشقول لێگرتن،

لەگەڵا ریا گۆڕینەوە...هتد

(دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٣٦٤)

(محمد الماغوط) یش دەڵێت:

النخاس

الاسم: الحشره

اللون: اصفر من الرعب

الجبين: فى الوحل

مكان الاقامه: المقبره او سجلات الاحصاء

المهنه: نخاس

(اعمال محمد ماغوط، ١٩٩٨: ٢٠١)

لێرەدا دەقئاوێزانەکە بە یاسایی توانەوەیە زیاتر خۆی لە شێوازدا دەبینێت.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

لەکەیەوە تۆ ((سیزیف))ی ئەم جیهانەش

بەردەکەتە؟!

لەکەیەوە تۆ ((زۆربا))یت وبوومەلەرزەش

سەماکەتە

(دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٦٤)

کورتەی ئەفسانە یۆنانییەکە ئەوەیە کە (سیزیف) قارەمانێکی ئەفسانەی یۆنانییە دوژمنایەتی و سەرچڵیەکی زۆری لەگەڵ خوداوەندەکان کردووە، خوداوەندەکانیش سزایەکی توند وتیژتریان دا بەوەی کە هەموو رۆژێ لە دامێنی شاخێکەوە بەردێك سەربخا بۆ لوتکەکەی، بەڵام هەموو جارێ بەر لەوەی بەردەکە بگەیەنێتە ئامانج غلۆر دەبێتەوە ئەمیش سەرلەنوێ سەری دەخاتەوە ئەمە هەموو رۆژێ دووبارە دەبێتەوە، تا مردن، ئەمەش رەمزێکە بۆ بێهودەیی. (پیرگریمال، ١٣٧٨: ٨٣٥)

ئەم دەقەی (شێرکۆ بێکەس) دەقئاوێزانە لەگەڵ ئەفسانەی سیزیف بە یاسایی دیالوك، بەڵام داهێنانەکەی (شێرکۆ بێکەس) لەوەدایە کە ئەفسانەکە گرێ دەدات بە شۆرش و بارودۆخی سیاسی کوردەوە بەوەی شۆرشە یەك لە دوایەکەکانی کوردیش لە بازنەی سەرکەوتن و شکستدا سوراوەتەوە بەوەی هەموو جارێك شۆرش کراوەو گەیشتۆتە لوتکەی سەرکەوتن، بەڵام لەناکات یەکسەر تووشی شکست بووە و دەڵێت ئەمەیە مێژووی شۆرشەکانی کورد وەك بەردەکەی سیزیف بووە.

لە هەمانکاتیشدا دێری دووەمی دەقەکە دەقئاوێزانە لەگەڵ ناوەرۆکی رۆمانە بەناوبانگەکەی (کازانتزاکیی) یۆنانی.

واتە تەکنیکی دەقەکە لە شێوەی دیالۆکدایە لێرەدا شاعیر وەك لە شیعری کلاسیکی کوردا هاتووە یەکسەر مامەڵەی لەگەڵ ناوەکەدا نەکردووە تەنها بەناوهێنان، بەڵکو لەگەڵ هەندێ رووداوی واقیعیدا گرێی داوە کە ئەمەش مامەڵەکردنێکی تازەیە.

**ئەنجامەکان**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- چەمکی دەقئاوێزان بۆ یەکەم جار لە رەخنەی ئەوروپاوە سەریهەڵداوە و پێشەنگەکانی (کریستیڤا) و (بارت) و (باختین) بوون.

٢- دەقئاوێزان خاوەن کۆمەڵێك یاسای تایبەتە لەوانە هەڵمژین، جوینەوە (الاجترار)، دیالۆگ (الحوار).

٣- زاراوەی دەقئاوێزان تا ناوەراستی ساڵەکانی هەشتاکان نامۆ بووە بە رەخنەی کوردی لە روانگەی دزینەوە ئاور لەم بابەتە دراوەتەوە.

٤- شێرکۆ بێکەس ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە دەقئاوێزاندا هەیە. بەوەی ئاگاداری ئەدەبی بێگانە بووە.

٥- دەقەکانی شێرکۆ بێکەس بەر هەرسێ یاساکانی دەقئاوێزان لەوانە: توانەوە، جوینەوە (الاجترار)، دیالۆگ دەکەون.

٦- سەرچاوەی زۆر لە دەقەکانی شێرکۆ بێکەس کە دەچنە چوارچێوەی دەقئاوێزانەوە بەرهەمەکانی خودی خۆی و شاعیرانی کورد و بێگانەیە.

## سەرچاوەکان

### کتێب

### بەزمانی عەرەبی:


١- احمد الزعبی، التناص نظرياً وتطبيقياً، مكتبه الكتانی، اربد، ١٩٩٥.

٢- اعمال محمد ماغوط، دار المدی، ١٩٩٨.

٣- احمد ناهم (د)، التناص فی شعر الرواد، دار الشؤن الثقافيه العامه، الطبعه الاولی، بغداد، ٢٠٠٤.

٤- ب. م دوبيازی، نظريه التناص، تعريب مختار حسينی، دار النشر المغربيه، الدار، البيضاء، ٢٠٠٠.

٥- يشير تاوريريت (د)، التفكيكيه فی الخطاب النقدی المعاصر، الطبعه الاولی، دمشق، ٢٠٠٨.

٦- بودلير، أزهار الشر، دار لفارابی، الطبعه الثانية، بيروت، ٢٠١٢.

٧- براهام لان، نظريه التناص، ترجمه: د. باسل المسالمه، الطبعه الاولی، دمشق ٢٠١١.

٨- شكری عزيز ماضی، فی نظريه الآدب، الطبعه الاولی، عمان، ٢٠٠٥.

٩- عبدالله الغذامی، الخطيئه و التكفير من البنيويه الی التشريحيه، الطبعه الاولی، جده، ١٩٨٥.

١٠- عزالدين المناصره (د) عام التناص المقارن، الطبعه الاولی، الشارقه، ١٩٩٢.

١١- عبدالعزيز موافی، الروية والعباره، مدخل، الی فهم الشعر، الطبعه الاولی، القاهره، ٢٠٠٨.

١٢- حصه البادی، التناص فی الشعر العربی الحديث، البرغوس نموژجاً، عمان، ٢٠٠٨.

١٣- خليل الموسی (د) جماليات الشعريه، الطبعه الاولی، القاهره ٢٠٠٨.

١٤- غرموس، ابراهيم نمر، أفاق الرويا البنيويه، دراسات فی انواع التناص فی الشعر الفلسطينی، الطبعه الاولی، جامعه بيرزيت ٢٠٠٥.

١٥- ظاهر محمد الزواهره، التناص فی الشعر العربی، المعاصر، التناص الدينی نموذجاً، الطبعه الاولی، عمان، ٢٠١٣.

١٦- محمد مفتاح، تحليل الخطاب الشعری (استراتيجيه التناص) الطبعة الثانية، دار التنوير للطباعه والنشر، لبنان، ١٩٨٥.

١٧- محمد بنيس/ الشعر العربی الحديث بنياتها ودلالاتها، الطبعه الاولی، دار تويقال، الدار البيضاء، ١٩٩٠.

١٨- ناتالی بييفی – غروس/ مدخل الی التناص، منشورات اتحاد كتاب العرب دمشق، ٢٠٠٨.


### به زمانی کوردی:


١٩- شنۆ محەمەد مەحموود (د)/ دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوریدا بە نموونەی پیرەمێرد،گۆران، لەتیف هەڵمەت، سلیمانی، ٢٠١٢.

٢٠- صديق بۆرەكەيی، مێژووی وێژەی کوردی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

٢١- دیوانی شێرکۆ بێکەس، سودی، ٢٠٠٩.

٢٢- دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، تاران، ٢٠١٤.

٢٣- دیوانی کامەران موکری، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلیمانی، ٢٠١٢.

٢٤- دیوانی نالی، چاپی دووەم، سنندج، ١٣٨٣.

٢٥- دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆری زانیاری عیراقی، بەغداد، ١٩٨٠.

٢٦- محەمەد عومەر عوسمان، لە غوربەتا، چاپی سێیەم، سلێمانی،٢٠١١.

٢٧- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (د) فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، غەزەلنووس، سلیمانی، ٢٠١٥.

**به زمانی فارسی:**

٢٨- بهرام بغدادی (د) فرهنگ، اصطلاحات نقدادبی از افلاطون تا عصر حاضر، چاپ اول، انتشارات فكر روز، تهران، ١٣٧٨.

٢٩- پیر گریمال، فرهنگ اساطیر یونان و ذم، ترجمه د. احمد بهمنش، جلد دوم، تهران، ١٣٧٨.

٣٠- فاطمه مدرسی (د) فرهنگ توصیفی نقد ونظریه های ادبی، چاپ اول/ تهران/ ١٣٩٠.

٣١- گراهام الن/ بینامتنیت/ ترجمهٔ پیام یزدان جو، جلد اول، نشری مرکزی، تهران/ ١٣٨٠.

**گۆڤار:**

**بەزمانی كوردی**

٣٢- عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی، دەقئاوێزان و نوێگەرێتی ئەدەبیمان، گۆڤاری، ئێستا، ژمارە ٣، ١٩٩٧.

**به زمانی عەرەبی:**

٣٣- محمد مفتاح، دور المعرفه الخلقیه فی الابداع والتخیل، مجله دراسات سیمائیه، ادبیه لسانیه، عدد (٦)، ١٩٩٢.